www.kurdistannet.org

# بەیاننامەی ئەنجامی کۆبوونەوەی ئاسایی

# دەستەی بەڕێوەبەری ئەوروپای پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان

**بۆجەماوەری بەشەرەفی باشووری کوردستان و ڕای گشتی:**

لەکاتێکدا جیهان سەرلەنوێ دادەڕێژرێتەوە بەتایبەتیش دوابەدوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر، ئاڵوگۆڕیەکان ڕۆژبەرۆژ بەخێرایی دێنە ئاراوە، ڕۆژهەلأتی ناوین کەمەیدانی سیاسەتی ڕۆژئاواو، ناوەندی دەستێوەردانەکانی دەرەوە بووە، سەرلەنوێ دەبێتە ئامانجی پلانەکانی ولأتانی زلهێزی جیهان، گەلی کورد وەك گەلێکی ڕەسەنی ڕۆژهەلأتی ناوین کەبێ ئەوەی کێشەکانی بەچارەسەری بگات پێی ناوەتە ئەم قۆناخە نوێیەو هەربۆئەوەش لەم بارەیەوە ڕۆلێکی گرنگی دەکەوێتە ئەستۆ.

ولأتانی ئەوروپا، کەسەرچاوەی نەخشەو پلانەکانی ڕۆژهەلأتی ناوینن ئەمڕۆ بەمەبەستی پێشگرتن لەچارەسەری و ئارامی لەهەرێمەکەدا درێژە بەسیاسەتی خۆیان دەدەن و، بەئاشکرا ئەوەیە دەکەوێتە ڕوو،کەئەوروپا دژبە گۆڕینی قەوارەی کۆن و ئێستای ڕۆژهەلأتی ناوین دەوەستێت. لەوبارەیەوە بەئاشکرا ناکۆکی نێوان سیاسەتی ئەمریکاو ئەوروپا لەمەڕ داهاتووی ڕۆژهەلأتی ناوین دەکەوێتە ڕوو، ولأتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەمڕۆ دەیانەوێت قەوارەی ئێستای ڕۆژهەلأتی ناوین بەپێی بەرژوەندییە ئابووری-سیاسی-و ستراتیژییەکانیان لەهەرێمەکەدا بگۆڕن، بەلأم میتۆدی بەڕێوەبەرایەتی ئێستای ئەمریکا بریتییە لەبەکارهێنانی دژواری و ڕوون نییە ئاراستەکەی بەکوێ دەگات.

گەلی کورد، کەلەرابردوودا گەلێك جار لەئاڵوگۆڕی بەوشێوەیەدا بووەتە قۆچی قوربانی نەخشەو پلانەکانی ڕۆژئاواو، ئەمڕۆ سەرقاڵی گۆڕانکاری وەرچەرخانە، دەخوازێت بەپێی هەلومەرجی ئێستای جیهان دەستکەوتەکانی بپارێزێت و بگات بەئامانجە ڕەواکانی، بەلأم ولأتانی ڕۆژئاوا، کەتەنیا بەپێی پاراستنی بەرژوەندی ئابووری-سیاسی-و ستراتیژییان هەلسوکەوتی لەگەڵ دەکەن، جگەلەبەکارهێنان نایانەوێ هیچ ڕۆلێکی تر لەنێو ئەو ئاڵوگۆڕیانەی کەئاماژەمان بۆکردن بدەن بەکوردان، ئەم نیگایەی ئەوروپا تا ڕۆژگاری ئەمڕومان درێژەی هەیە، ئەگەر سەریری ڕۆڵ وگرنگی ئەوروپا و ئەمریکا بکەین، کەبەهێزەکانی باشووری کوردستان دەدات بۆمان دەردەکەوێت، کەسنووری تاکتیکی و بەکارهێنانی تێنەپەراندووە.

لەلایەکیتر پێویستە سیاسەتی ئەم دواییەی یەکێتی ئەوروپا لێکبدرێتەوە، کەبووەتە مایەی نیگەرانی و بێزاری گەلی کورد بەتایبەتی دوای ناساندنی پارتی کرێکارانی کوردستان وەك ڕێکخراوێکی تیرۆریست و جێگیرکردنی لەنێولیستی تیروری یەکێتی ئەوروپا. هەروەك ئاشکرایە کەگەلی کورد بەگشتی و لەباکووری کوردستان بەتایبەتی بەپێشەنگایەتی پەکەکە جگە لەپاراستی کیانی نەتەوەیی بۆهیچ مەبەستێکیتر چەکی بەکارنەهێناوە. هەروەها جێگەی سەرنجە پەکەکە ١٥ساڵ شەڕی چەکداری ئەنجامدا بەتیرۆریست نەناسرا، تائێستا ولأتانی ئەوروپا هەمیشە لەقۆناخی ئاگربڕی یەکلایەنەی پەکەکە، پارتی ناوبراویان وەك پارتێکی تیرۆریست ناساندووە. بۆنمونە ساڵی ١٩٩٣ کاتێك پەکەکە یەکلایەنە ئاگربڕی بەرامبەر سوپای تورکیا

www.kurdistannet.org

ڕاگەیاند بۆیەکەمین جار لەجیاتی پێشوازیکردن لەلایەن دەوڵەتی ئەلمانیا خرایە لیستی تیرۆری ئەو وڵاتەوەو، دەوڵەتی ئەلمانیا تادوارادە پشتگیری سیاسی-ئابووری- و سەربازی دایە تورکیاو چاوی لەسەرجەم کردارە شۆڤێنی و کۆمەڵکوژییەکانی حکومەتە چەتەکە ئەوسای تورکیا پۆشی. دوابەدوای ئەوەش لەرۆژی ١٩٩٨/٩/١ کاتێك سەرۆکی گشتی پەکەکە عەبدوڵلا ئۆجەلان لەدیمەشقی پایتەختی سوریاوە ئاگربڕێکی تری ڕاگەیاند ئەم جارەیان بەهەمان شێوە ڕووبەڕووی سیاسەتی ئەو وڵاتانە بووەوە، سەرباری ئەوەی سەرۆکی گشتی پەکەکە دەستی کرد بەگەشتێك بۆئەوروپا نەوەك بەهەرپێشوازی لێنەکرا، بەڵکو لەکەسایەتی ناوبراو گەلەکۆمەی نێودەوڵەتی دژبەبزووتنەوەی گەلی کورد دەستی پێکرد، لەوەش گرنگتر دوای ئەوەی پەکەکە درێژەی بەوقۆناخەداو لەکۆنگرەی حەوتەمینی خۆیدا بەفەرمی کۆتایی بەشەڕی چەکداری هێنا، ڕووبەڕووی گوشاری توندی ئەوروپا بووەو، ئینگلتەرا لەساڵی ٢٠٠١دا پارتی ئاماژەبۆکراوی وەك ڕێکخستنێکی نایاسایی لەقەڵەمداو بڕیاری قەدەخەکردنیدا.

لەرۆژگاری ئەمڕوشماندا، کەپارتی کرێکارانی کوردستان، گۆڕان و وەرچەرخانی ئەنجامدا و بەپێی بڕیاری کۆنگرەی هەشتەمینی ئاسایی پارتەکەی، ناوی خۆی کرد بەکۆنگرەی ئازادی و دیموکراسی کوردستان و ڕۆڵی چارەسەرکردنی کێشەی کورد و سەرجەم کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوین و دیموکراتیزەکردنی وڵاتە دواکەوتووەکانی خستە ئەستۆو، وەك ڕێکخستنێکی مۆدرێن هاتە مەیدانی خەبات و تێکۆشان، هەوڵی گۆشەگیرکردنی دەدرێت و، دەخرێتە نێولیستی تیرۆری یەکێتی ئەورپا.

ئێمە وەك پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان ئەو بڕیارەی یەکێتی ئەوروپا وەك بڕیارێك، کەزیان بەچارەنووسی کورد و داهاتووی هەرێمەکە دەگەیەنێت لێك دەدەینەوەو شەرمەزاری دەکەین و پێمان وایە ئەم بڕیارە کەلەلایەن ئەمریکاو ئەوروپا لەپێناوی پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووری-سیاسیەکانیان لەگەڵ تورکیا ڕاگەیەنراوە، جگە لەبەردەوامکردنی نەخشەو پلانەکانی لۆزان دژ بەکورد هیچ واتایەکیتری نییە. لەلایەکیتریشەوە بڕیاری ئاماژە بۆکراو بریتییە لەبن بەست کردن و بەبێ چارەهێشتنەوەی کێشەی کوردو سەرجەم کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوین و بەتبەتیش بن بەستکردنی هەموو پێشکەوتنە دیموکراتییەکان لەهەرێمەکە.

لەئاکامی ئەوپێشکەوتنانە تورکیا دەخوازێت بەشێوەیەکی نێگەتیڤانە سوود لەو ڕەوشە نالەبارەو هەڵوێستی ئەوروپا وەرگرێت و درێژە بەسیاسەتی نکۆڵی و لەنێوبردنی گەلی کوردستان بدات.
شاڵاوی سەربازی ئەم دوایەی تورکیا لەباکووری کوردستان و جموجۆڵە سەربازییەکانی لەسنووری باکوورو باشووری کوردستان، جگە لەنێوبردنی دەستکەوتەکانی گەلەکەمان لەباکوور و باشووری کوردستان و پاراستنی دەسەڵاتێکی دکتاتۆریەتی بەغداد هیچ واتەیەکتیری نییە. بۆئەوەش دەبێت بزانرێت، کەتورکیا لەو ڕوانگەیەوە نەك تەنیا دژبە پارتیەك ، بەڵکو دژبەویست و داخوازی گەلانی عێراق بەتایبەتیش باشووری کوردستانیش دەوەستێت.

www.kurdistannet.org

ئێمه وەك پارتی چارەسەری دیموكراتی كوردستان بانگەوازی ئاراستەی گەلەكەمان لەئەوروپا و كوردستان دەكەین، كەدژبە بەبڕیاری دوایی یەكێتی ئەورووپاو جمۆجۆڵە سەربازییەكانی توركیا بووەستن و، هەوڵی پووچەڵكردنەوەی پلان و نەخشەكانیان بدەن. بەتایەتیش داوا لەگەلە تێكۆشەرەكەمان لەباشووری كوردستان و ڕووناكبیرەكانمان دەكەین، كەشانبەشانی گەلەكەمان لەباكووری كوردستان لەپێناوی پووچەڵكردنەوەی هەوڵی لۆزانی دووەمین بكەنەخۆ لەهەركاتێك زیاتر ریزی نەتەوەییان پتەوبكەن.

هەروەها پارتیمان بانگەوازی ئاراستەی هێزە سیاسیەكانی باشووری كوردستان بەگشتی و پ.د.ك و ی.ن.ك بەتایبەتی دەكات، كەلەهەمووكاتێك زیاتر هەڵوێستی خۆیان دژبەو پلان و نەخشانەی لەسەرگەلەكەمان بەرێوەدەچن دەربڕن و، بێنه زەمینەی رێكەوتن و یەكێتی نەتەوەیی. هەروەها هەڵوێستی خۆیان لەمەڕ داهاتووی ئیراق و باشووری كوردستان ڕوون بكەنەوە.

**بۆگەلە تێكۆشەرەكەمان لەباشووری كوردستان و لاوانی نیشتمانپەروەر:**

داهاتووی باشووری كوردستان و گەلەكەمان چاوی لەئێوەیە، لەوقۆناخەدا پاراستنی دەستكەوتەكانی باشووری كوردستان، كە لەئاكامی خوێنی سەدان هەزار شەهیدی راپەڕین و هەڵەبجەو ئەنفال هاتۆتە كایەوە. ئەركێكی گرنگی ئەم قۆناخە لەسەرشانی هەموولایەكمانە، بۆیە پێویستە لەهەركاتێك زیاتر بەرەنگاری ئەو هێزانە ببینەوە، كەچاویان بڕیوەتە ئەودەستكەوتە پیرۆزانە.

نابۆ فاشیزم، دكتاتۆرییەت، دەستێوەردانی شەڕخوازانە.
مردن و سەرشۆری بۆشەرخوازان و بازرگانانی شەڕ.
بەڵێ بۆچارەسەری دیموكراسی، ئاشتی و برایەتی گەلان.
سەركەوتن بۆتێكۆشانی گەلەكەمان بەگشتی و لەباكوور و باشووریش بەتایبەتی.

بەرێوەبەرایەتی ئەورووپای
پارتی چارەسەری دیموكراتی كوردستان**PÇDK**
٢٠٠٢/٥/٧